# بانکی برسیارەکانی کورسی دووەمی بابەتی بیردۆزی ئابووری هەمووەکی

1- ئاستەکانی هاوسەنگی لە ئابووری هەمووەکی کامانەن؟

2- بە نەخشەیەك روونی بکەرەوە کاتێك ئابووری لە حالەتی داخراو بێت بەبێ دەستێوەردانی حکومەت.

3- بە نەخشەیەك روونی بکەرەوە کاتێك ئابووری لە حالەتی داخراو بێت لەگەل دەستێوەردانی حکومەت.

4- بە نەخشەیەك روونی بکەرەوە کاتێك ئابووری لە حالەتی کراوە بێت.

5- چەندجارە چی یە؟ وە چەند جۆرە چەندجارەمان هەیە؟

6- بیسەلێنە کە

7- چەند جارە = $\dfrac{1}{1-\text{مەیلی حەدی بەکاربردن}}$

8- / ئەگەر هاوکیشەی بەکاربردن یەکسان بێت بە : $C= 500 + 0.75Y$ و $I = 200$

داواکاری :

1. هەژمارکردنی داهاتی هاوسەنگ
2. هەژمار کردنی چەند جارەی وەبەرهێنان

1- ئەو زیادە چەندە لە داهات ئەگەر وەبەرهێنان زیاد بوو بە 50 یەکە

-9

ئەگەر بەکاربردنی خۆرسك زیادی کرد لە 100 ملیون بۆ 400 ملیون و مەیلی حەدی بەکاربردن یەکسان بیت بە 0,75

داواکاری :

ا- چەند جارەی بەکاربردن چەندە ؟

ب- داهاتی نەتەوەیی چەند زیاد دەکات لە ئەنجامی ئەو زیادبونە لە بەکاربردنی خۆرسك

10- بیسەلێنە

$$\frac{\Delta Y}{\Delta Go} = \frac{1}{1-b}$$

-11

ئەگەر خەرجی حکومەت زیادی کرد بە بری 5000 ملیون و مەیلی حەدی بەکاربردن یەکسان بیت بە 0,8

داواکاری :

چەند جارەی خەرجی حکومەت  چەندە ؟

داهاتی نەتەوەیی چەند زیاد دەکات لە ئەنجامی ئەو زیادبونە لە خەرجی حکومەت  .

12- بیسەلێنە

$$Mr = \frac{1}{1-b+m}$$

13- ئەگەر لە ئابووری کراوە مەیلی حەدی هاوەردە یەکسانبیت بە 0.3 ومەیلی حەدی بەکاربردن یەکسان بیت 0.8

14- ئەگەر خەرجی حکومەت کەمی کردەوە بە بری 400 ملیون دۆلار و مەیلی حەدی بەکاربردن یەکسان بیت بە 0.8 ئەوە چەندجارە چەندە و بری کەمبونەوەی بەرهەمی نەتەوەیی چەندە .

15- بیسەلێنە

$$\frac{\partial Y}{\partial To} = \frac{-b}{1-b+m}$$

16- ئەگەر حکومەتی یەك لە ولاتەکان بریاریدا بە زیادکردنی باجی سەر مۆلەت دان زیاد بکات بە بری 400 ملیون دۆلار ، وەئەگەر زانیت مەیلی حەدی بەکاربردن یەکسانە بە ( 0.75) و داهاتی هاوسەنگ پێش زیادکردنی باج یەکسانە بە 6000 ملیون دولار داواکاری :

بەهای چەندجارەی باجی نەگۆر چەندە

داهاتی هاوسەنگی نوی دوای باج چەند دەبیت

17- بیسەلێنە $Mr = \frac{\Delta Y}{\Delta tY} = \frac{1}{1-b+bt}$

18- ئەگەر زانیت مەیلی حەدی باج یەکسانە بە 0.25 و مەیلی حەدی بەکابردن یەکسانە بە 0.8

داواکاری :

بەهای چەندجارەی باج بدۆزەوە

بری گۆران لە داهاتی هاوسەنگ بدۆزەوە ئەگەر زانیت کە باجی نەگۆر زیادی کردبوو بە بری 500 ملیون

19- ئەگەر هاوکیشەی بەکاربردن یەکسان بێت بە : $C= 80 + 0.6Y$ و ئەو خشتەیە تەواو بکە ئەوانەی خوارەوەش بدۆزەوە :

| Y | C | S | I | APC | AD |
|---|---|---|---|---|---|
| 50 | | | 100 | | |
| 150 | | | 100 | | |
| 250 | | | 100 | | |
| 350 | | | 100 | | |
| 450 | | | 100 | | |
| 550 | | | 100 | | |
| 650 | | | 100 | | |
| 750 | | | 100 | | |

1. هاوکیشەی پاشەکەوت بدۆزەوە
2. هەژمارکردنی داهاتی هاوسەنگ
3. هەژمار کردنی چەند جارەی وەبەرهێنان
4. ئەو زیادە چەندە لە داهات ئەگەر وەبەرهێنان زیاد بوو بە 40 یەکە

20- ئەگەر چەندجارەی وەبەرهێنان یەکسان بیت بە : 5 مەیلی حەدی پاشەکەوت بدۆزەوە MPS هەروەها داهاتی هاوسەنگ ئەگەر زانیت بەکاربردنی خۆرسك یەکسانە بە 200 و وەبەرهێنانیش یەکسانە بە 150

21- ئەگەر هاوکیشەی بەکاربردن یەکسان بێت بە : $C= 150 + 0.75 Y$ و هاوکیشەی پاشەکەوت بدۆزەوە و نەخشەیەك بکێشە تیایدا دیاری بکە کە کاریگەری گۆران لە وەبەرهێنان لەسەر داهاتی هاوسەنگ چۆنە؟

22- هەلئاوسان چی یە؟ ئەو مەرجانە چین تا بتوانین بلێین حالەتی هەلئاوسان لە ئارادایە؟

23- کاریگەریە باشەکانی هەلئاوسان چین؟ ئەوکەسانەی سود لە هەلئاوسان وەردەگرن.

24- کاریگەریە خراپەکانی هەلئاوسان چین؟ ئەو کەسانەی کە زەرەرمەندن لە هەلئاوسان

25- جۆرەکانی هەلئاوسان بژمێرە.

26- تیۆرەکانی هەلئاوسان چین؟ بیان ژمێرە وباسی یەکێکیان بکە

27- تیۆری نەختینەیی روون بکەرەوە بە نەخشە

28- تیۆری راکێشانی خواست روون بکەرەوە بە نەخشە

29- تیۆری خستنەروو و تێچوون روون بکەرەوە بە نەخشە

30- تیۆری توند وخێرا روون بکەرەوە بە نەخشە

31- بەراورد بکە لە نێوان خالە هاوبەشەکان و جیاوازەکانی هەردوو تیۆری راکێشانی خواست و تیۆری توند وخێرا

32- بە نەخشە بەراوردێك بکە لە نێوان خستنەرووی کاری تاك و خستنەرووی کاری هەمووەکی

33- بێکاری چی یە؟ مەرجەکانی کەسی بێکار چین؟

34- هۆکاۆەکانی زیادبوونی خستنەرووی کار چین؟

35- چۆن بێکاری هەژماردەکرێت؟

36- جۆرەکانی بێکاری بژمێرە.

37- کاریگەریەکانی بێکاری چین؟

38- باسی چەماوەی فلیبس بکە.

39- ئەو ئاستەنگانە چیبوون لەبەردەم ئال و گۆرکردن کە وای کرد دراو دروست بکرێت

40- ئەرکەکانی دراو چین؟

41- باسی خستنەرووی دراو بکە

42- باسی خواست لەسەر دراو بکە

43- ئامانجەکانی سیاسەتی دارایی چین؟

44- باسی ئامرازەکانی سیاسەتی دارایی بکە

45- ئامانجەکانی سیاسەتی نەختینەیی چین؟

46- باسی ئامرازەکانی سیاسەتی نەختینەیی بکە

47- باسی سیاسەتەکانی ئامرازی کلاسیك بکە

48- باسی سیاسەتەکانی بازاری کراوە بکە

49- باسی گرنگی بازرگانی نێودەولەتی بکە

50- سیاسەتەکانی بازرگانی نێودەولەتی چین؟ باسیان بکە.